ڕەنگاو ڕەنگ

# دوو قوتابی و درێژترین قژ



دیسانەوە سەیرو سەمەری قژ درێژەکان، دوو قوتابی بی ڕێکەوت لە بواری خوێندن دەگەن بە یەکتر و لە دانیشتگەیەکی ئەمەریکی کە ناوی (هانگشۆ)، لەم شوێنە دوو کچی پرچ درێژی سەیر بەیەکتر شاد دەبن، یەکێکیان لە ڕۆژهەڵاتی چین هاتووە و ئەوەی دیکەش خەڵکی ئەمەریکایە کە درێژترین قژیان هەیە لە زانکۆکەیان..

کچە چینیەکە ناوی (دای یووشن)ە تەمەن ٢٨ ساڵە و درێژی قژی دەگاتە (٤,٣٠) چوار مەتر و سێ سەنتیمەتر ئەوەی دیکەش ناوی (گلیس)ە، تەمەن ٢٠ ساڵە کە درێژی قژی ئەویش دەگاتە (٢,٤٦) دوو مەتر و چلوشەش سەنتیمەتر..

هەر یەکە لەم دوو کچە لە درێژایی تەمەنیان قژیان نەبڕیوە و هەردەم خزمەتی دەکەن..

## نینۆکێک (١) مەترە

پیاوێکی چینی تەمەن (٤٣) ساڵە و ناوی (لی جیانبینگ)ە و خاوەن درێژترین نینۆکە.. بۆ ماوی (١٥) ساڵە نینۆکەکانی دەستی چەپەی نەبڕیوە، ئەمەو لە ساڵی ١٩٩٢ خزمەتی ئەم نینۆکانەی کردووە، ئێستاش درێژی نینۆکەکانی دەگاتە (١٠٠) سەنتیمەتر واتە دەگاتە مەترێک..

ئەم پیاوە نینۆکەکانی زۆر خۆش دەوێت و هەردەم خزمەتی دەکات، بەڵام بۆتە ناخۆشی بۆی، چونکە ناتوانێت بچێتە شوێنی قەرەباڵغی و خەڵک لێیکۆدەبنەوە، هەروەها لە کاتی نووستنیش دەبێ بەشێوەیەک بخەوێت کە نینۆکەکان نەشکێت.

(لی) نەیتوانی بگاتە ڕیزی ئەم پیاوە هیندییە کە درێژی نینۆکەکانی گەیاندە (١٢٥) سەنتیمەتر.. ئەم پیاوە لە شاری (شیشی) دەژی لە وڵاتی چین..



## بە (وشتر)(١٠٠٠) کیلۆمەتر دەبڕێت

– هاووڵاتییەکی سعودی توانی ماوەی(١٠٠٠) کیلۆمەتر بە وشتر ببڕێت، ئەم پیاوە ناوی(عەلی بن عایزە)و ئەمەش بۆ زیندووکردنەوەی نەریبیەتی باوک و باپیرانی، کە لە شاری(جاش) لە پارێزگای(تەثلیت) گەشتەکەی بۆ شاری(ریاز) ئەنجامدا، گەشتەکەش(١٥) ڕۆژی خایاندو توانی بە سەرکەوتوویی بگات بەو شوێنەو ئەو خەمەی دڵی داحەسێنێت!

کە خۆی دەڵێت:– جیاوازی نییە مرۆڤ چ بە وشترێک یان بە ئۆتۆمبێل لە شوێنێکەوە بچێت بۆ شوێنێکی تر، گرنگ ئەوەیە بگەیتە ئەو شوێنە!








# خانوویەک لە قووتی خواردنەوە و کۆکا

ئەم خانووە لە دارستانێکی ویلایەتی نیو جێرسی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دروستکراوە، ئەم خانووە سەیرە و بەبێ کەرستەی بیناسازی دروستکراوە و بەڵکو بە خەرجییەکی کەم بیناکراوە..

کەرستەی ئەم خانووە تەنیا لە قووتوی خواردنەوە دروستکراوە و نزیکەی (ملیۆن و نیوێک) قووتویان لێوەی داوە، خانووێک بە هەموو بەشەکانی دروستکراوە، وەک باخچە و شوێنی حەسانەوە و سەربان و دیوارەکانی ماڵ .. هەروەها دیکۆری تایبەتی بۆ دروستکراوە.. بەڵام ئەمەش دەبێتە کارێکی ئەندازیاری تازە، کە چۆن ئەم هەموو قووتووە لەگەڵ یەکتر دادەنرێت.



## ئەم (چێڵ)ە مریشک دەخوات

لە گوندی نائیە لە ڕۆژئاوای وڵاتی هیندستانە، سەرەتا سەگێکیان تۆمەتبار کرد بەوەی مریشک دەخوات، ئەمەو لە ماڵەکە دەرکرا.. خاوەن مریشکەکان کە ناوی (جۆش)ە سەرەتا سەگەکەی لە ماڵ دەرکرد بە هۆی ئەوەی مریشک دەخوات..

دوای سەگەکەش مریشک نەدەماو (جۆش) لەم لایەنە سەرسامی گرتبووی، بۆیە تاوەکو شەوێک چاودێری خانەی مریشکەکانی کرد و بینی چێلێکی کە بە باشترین چێڵە لەلایان دەکەوێتە بەر مریشک و دەیانخوات..

ئەم چێڵەیان ناونرابوو (لال) و خۆشەویسترین چێڵ بوو لەلای خێزانی و کەسوکاری (جۆش)، ئەمەو بۆ ماوەی مانگێک (٤٨) مریشکی خورادبوو، شێوازی خواردنەکەشی مریشک دەگرێت و بە ددانەکانی دەیانخوات. بۆیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، پاسەوانی تایبەتییان بۆ ئەم چێڵە داناوە و تاوەکو نەتوانێت بچێتە خانەی مریشکەکان و مریشک عافییەت بکات

## بە (لووت) ئۆتۆمبێل ڕادەکێشێت!!

ئەم پیاوە چینییە تەمەن (٤٠) ساڵە و ناوی (فوێنجی)یە، ئەم پیاوە هێزێکی سەیری هەیە ئەم هێزەشی لە (لووت)ەکەیەتی، کە دەتوانێت بەم لووتەی ئۆتۆمبێلێکی رابکێشیت، کە کێشەکەی تەن و نیوێکە..

ئەمەش لە شاری (شی شی) لە هەرێمی فوجان ئەم نمایشەی ئەنجامدا و بووە جێگەی سەرسوورمانی وڵاتەکەی و جیهانیش، ئەمەو فیونجی دەڵێت:

ئەم هێزەم لە یاری (کۆنگ فۆ) بۆ هاتووە و توانیومە ئەم کارە بکەم، راکێشانی ئۆتۆمبێل زۆر زەحمەتە، بەڵام من بەهۆی ئەوەی ئەو پەتکەی لە ئۆتۆمبێلەکە دەخرێت، فیونجی لە لووتی دەیباتە ژوورەوە تاوەکو دەگاتە (گەدە)ی، بە هۆی ماسوولکەکانی سگ و گەدەی ئەم هێزەی بۆ دروست دەبێت، دواتر دەتوانێت شتی بە کێش رابکێشێت..

